

وەرزش
یەکشەممە 2010/9/5
ژمارە 294

# با هەمووومان فێری شەترەنج بین.. یاسا گرنگەکانی یاریی شەترەنج لە خولێکی شنەبای هیوادا



دڵپاک



حوسێن



سارا



عەبدولڕەحمان



پەیام

**راپۆرت: نەجیبە کەریم**

ڕێکخراوی شنە بای هیوا بە هاوکاری لەگەڵ ناوبژیوانی نیودەوڵەتی مامۆستا عەلی حەمزە خولێکی شەترەنجیان بۆ کۆمەڵە منداڵێک ساز کرد لە ژێر ناوی(با هەمووومان شەترەنجزان بین) کە تیایدا یاسا گرنگەکانی یاریی شەترەنجی بۆ ڕوونکردنەوە، لەکاتی کۆتایی خولەکەو دیاری دابەشکردن بەسەر یاریزانانی بەشدار بوو خەباتی وەرزش ژمارەیەک بەشدار بووی دواند.

عەبدولڕەحمان پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی سیڤەر کە سێیەم ساڵە بەشداری ئەو خولە شەترەنجیە دەکات هەروەک خۆی ئاماژەی پێکرد کە: سودی زۆرم بینی و یاساکان فێر بووین هاوکات چۆنیەتی یاریکردن ئەگەر سەرکەوتوو بین یان دۆڕاین، چۆن پیشوازی لە بەرامبەرەکەمان دەکەین، ئەو ئامادەییی خۆی دەربڕی ئەگەر پاڵەوانیەتی بکرێتەوە دەتوانین بەشداری بکەین، ئەو زیاتر بۆ خەبات وەرزش دواو گوتی: لەماڵەوە هەموو ئەندامانی خێزانەکەم حەزیان لەوەرزشەو بەتایبەتی براکەم فێر کردووە پێکەوە یاری دەکەین.

حوسێن دلێر بەشدار بووێکی تر بوو ئەو کە لە پۆلی چوارەمی بنەڕەتیە لە قوتابخانەی دیاری و لەم خولەدا سێیەم بوو گوتی: هۆی حەزم بۆ یاری شەترەنج دایکمە کە ئارەزووی ئەو یارییە دەکات و لە ماڵەوە لەگەڵی یاری دەکەم، بەڵام ناتوانم لە دایکم ببەمەوە چونکە زۆر لە شەترەنج زیرەکە، بێجگە لەو یاسایانەی حوسێن فێری بووە هاوکات گوتی: فێری ڕەوشتی جوان بوومە چونکە وەرزش ئەخلاقە، هەموو کات حەز دەکەم لە شوینی بێدەنگ یاری بکەم.

سارا مەسعود بەشدار بووێکی تر بوو گوتی: من زۆر ئارەزووی شەترەنج دەکەم چونکە خۆشەویستییەکی زۆر لە نێوان ئەو یارییەو خانەوادەکەم هەیە، سارا کە دایکی یاریزانی شەترەنجەو چەندین پاڵەوانیەتی بۆ کوردستان بەدەست هێناوە هەر وەک خۆی ئاماژەی پێکرد، دایکم یاریزانی شەترەنج بووە بەردەوام لە پلە یەکەکان هاتووە هەروەها باپیرم یاریزان بووە ئێستاش ناوبژیوانی نێودەوڵەتییە دواتر گوتی ئێمە لەو خولە زۆر شت فێر بووینە دەربارەی یاری شەترەنج ئەگەر لە حالەتی کش بی نابێت تەبید بکرێ، وە ئەگەر سەرکەوتوو نەبم پیرۆزبایی لە بەرامبەر دەکەم واتە دەبێ بە گیانی وەرزی پاک یاری بکەی.

پەیام لەتیف پۆلی حەوتی بنەڕەتی بە وەرگرتی دیارییەکەی خۆشحاڵ بوو گوتی: کردنەوەی ئەوخولە سودی زۆری بۆ ئێمە هەبوو چونکە پشووی هاوینەمان بە فیرۆ نەچوو، ئەو خولە ئێمەی لە کۆڵان دوور کردەوە چونکە هەموو کات خۆمان بە یاری شەترەنج دەبردە سەر، ئەو یاریزانە زۆر سوپاسی مامۆستا عەلی حەمزە و ریکخراوی شنە بای هیوای کرد دواتر گوتی: ماڵەوە زۆر هاندەرم بوون بێجگە لەو یارییە حەزم لە یاری تۆپێنە.

دڵپاک حسێن بەرپرسی پەیوەندییەکان لە ڕێکخراوی شنەبای هیوا گوتی: ئەوە سێیەمین ساڵە کە خولی شەترەنج بۆ کۆمەڵێ قوتابی دەکەینەوە، ئێمە لەو خولە دوو ئامانجمان هەیە یەکەم دوور کەوتنەوەی ئەو منداڵانە لە کۆڵان و فێرکردنی یاساکانی ئەو یاریە کە بتوانن چۆن لە داهاتوو بەرامبەر کەسێک یاری بکەن. ئەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە دەرچوی ئەو خولانە بەشداری پاڵەوانیەتیان کردووە و دوای کۆتایی خولەکە یاریزانەکان ئاستیان زۆر باش دەبێت و هەموو یاساکانی ئەو یارییە فێر دەبن. دواتر گوتی وەرزش وەک خۆراکە بۆ جەستەی مرۆڤ بەڵام لە وڵاتی ئێمە وەکو پێویست گرنگی پێنەدراوە. عەلی حەمزە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی و مامۆستای خولەکە ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو منداڵانە بە حەزێکی زۆرەوە ئەو یارییە دەکەن، هەر ئەو حەزەش وایکردووە زوو فێری یاساکان بن. دواتر گوتی ئەوە سێ ساڵە لە ڕێکخراوی شنە بای هیوای مرۆیی خولی شەترەنج بۆ منداڵان دەکەمەوە، سەرەتا یاساکانیان فێر دەکەین بە نوسین ڕەمزەکانیان فێر دەکەین بە ریگای جەبری، هاوکات ڕێگای (وەسفی) کۆن بووە و ئێستا کاری پێناکرێت، منداڵەکان زۆر حەز بەو یاریە دەکەن بەتایبەتی کە یاساکان دەزانن یاریزانم هەیە بەشداری پاڵەوانیەتی کردووە کە فێر بوون، سەبارەت بەو منداڵانەی تازە دێن مامۆستا گوتی یاساکانیان بۆ دووبارە دەکەینەوە دواتر بۆ یاریزانە کۆنەکان شتی تازەیان پێدەڵێین، وەک کۆتایی کردنەوە دەست لیدان تعادل، مامۆستا ئەوەشی نەشاردەوە کە شەترەنج ممارەسەیە چەند یاری بکەی زیاتر پێش دەکەوی هەرچەند هەڵە بکەی باشتر دەبی، چونکە لە یاریەکانیتر دووبارەی ناکەیەوە بەتایبەتی لە تەمەنی بچوکن، دواتر گوتی من ئامادەم قوتابخانەیەکی شەترەنج بکەمەوە هەموو منداڵانی هەولێر فێری ئەو یارییە بکەم.

# نەهلە ئیبراهیم یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی ئاڵا: باوەڕ ناکەم بتوانم یانەی ئاڵا جێبهێڵم



نەهلە ئیبراهیم لە دایکبووی ساڵی1995ی شاری هەولێرە، یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی ئاڵا کە ئەمساڵ لەگەڵ یانەی ئاڵا بەشداری چەندین پاڵەوانەتی کردووە و ئەنجامی باشی بەدەست هێناوە،ناوبراو لە هەمان کاتی قوتابی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشییە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان ومەیدانی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بەراستی ئاستی ئەم یارییە لەوپەڕی بەهێزییە لە چاو ساڵانی پێشووتر ئێستا یانەکانیش گرنگی زۆر بە ئەم یارییە دەدەن کە بەبووکی یارییەکان ناسراوە.

*** چی بکرێت باشە بۆبە ڕەوپێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- بە بۆچوونی من ئەگەر بتوانن حکوومەت یاریگای تایبەت بۆئەم یارییە دابین بکەن ئەوا لە ماوەیەکی کورتدا یاریزانی زۆر باش درووست دەبێت.

*** ماڵەوە تاچەند هاوکاریت دەکەن لە وەرزشکردنت؟**

- دەمەوێ لێرەوە سوپاسیان بکەم کەوا پاڵپشتی بێ وێنەی منن، ئەگەر پشتگیری ئەوان نەبێت ناتوانم وەرزش بکەم.

***دەستەی کارگێڕیی یانەی ئاڵا چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

-بە سوپاسەوە کەمتەرخەمییان نەکردووە زۆر هاوکاری بەردەوامان دەکەن.

***کێشەو گرفتتان لە یانەی ئاڵا چییە؟**

- تەنیا نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بە خۆمان بۆئەنجامدانی مەشقەکانمان چونکە تیپی گۆڕەپان ومەیدان پێویستی بە یاریگای تایبەتە،ئێمەش لەسەر یاریگای خۆڵ مەشق دەکەین

***هیواوئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێک؟**

- هیوادارم ببمە وەرزشکارێکی سەرکەوتوو بتوانم باشترین ئەنجام بەدەست بهێنم و لە هەڵبژاردەی ئێراقیش داوابکرێم

*** حەز ناکەی هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان تۆش یەکێک بێت لە هەڵبژاردەکە؟**

- ئەوە هیوای هەموو یاریزانێکە .

*** ئەگەر یانەیەک داوات لێ بکات یانەی ئاڵا جێدەهێڵی؟**

-باوەڕ ناکەم بتوانم ئەو یانەیە جێبهێڵم.

**دیمانە:کارزان کانەبی**

# لاوانی کوردستان بوونە پاڵەوانی پلەدووەکانی هەڵەبجەی شەهید



**هەڵەبجەی شەهید: یوسف هەورامی**

دوای ئەوەی لیژنەی تیپەمیللییەکانی هەڵەبجە هەڵسابەکردنەوەی خولی پلەدووەکانی هەڵەبجە وبەبەشداری 24تیپ کەزیاتر لە 4 مانگی خایاند، هەردووتیپی لاوانی کوردستان وقەڵای حەمرین توانییان بگەنە یاریی کۆتایی خولەکەو لەیاریگای مەڵبەندی لاوان بەئامادەبوونی قایمقامی هەڵەبجەو نوێنەری دام ودەزگا حزبی وحکوومییەکانی هەڵەبجەو جەماوەرێکی زۆری وەرزشی یارییەکیان ئەنجامداو لەیارییەکی ئاست مامناوەنداو یاریزانانی هەردوولا چەند هەلێکی ئاسانیان لەدەستداو تا یاریزان مەسعەب شێرزاد توانی گۆڵی یەکەم بۆلاوانی کوردستان تۆماربکات، گێمی یەکەم بەم ئەنجامە بەکۆتابێت، لەگێمی دووەمدا یاریزانان ئاستێکی بەرزیان نیشانداو تا لەخولەکی کۆتایی یارییەکە یاریزان بەرهەم توانی گۆڵی بەرامبەر بۆقەڵای حەمرین تۆماربکات. بەم شێوەیە یارییەکە بەکۆتا هات بەگۆڵێک بۆهەردوو لا دواتر بەلێدانی سزای یەکلاکەرەوە لاوانی کوردستان توانییان بەئەنجامی 3گۆڵ بەرامبەر بە2گۆڵ یارییەکەببەنەوەو ببنە پاڵەوانی خولەکە. دواتر خەڵات بەسەر تیپە سەرکەوتووەکان دابەشکراکەلەلایەن ئاسۆی حاجی محەمەد بامۆکیەوە دابین کرابوون، بەم شێوەیە هەرچوار تیپی: لاوانی کوردستان و قەڵای حەمرین و لاوانی شنروێ و پریس سەرکەوتن بۆخولی پلەیەکەکانی هەڵەبجە.